ژمارە: ١٧٩٠٩
ڕێکەوت: ٣ / ٩ / ٢٠١٥ ی زایینی
/ / ٢٧١٤ ی کوردی

No:
Date: / / ٢٠١٥

## ڕێنمایی ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠١٥
## پەیمانگە تایبەتیەکان

پاڵپشت بە حوکمی مادده سێ - دووەم لە یاسای زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٣ز) بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە سەبارەت بە دامەزراندنی پەیمانگەی تایبەت:

**یەکەم/**

١- دەکرێت پەیمانگەی تایبەت لە هەرێم بکرێنەوە کە ئەمانەی خوارەوەیان هەبێت.
أ. دەستەی دامەزرێنەر
ب. دەستەی ئەمینداران
ت. ئەنجوومەنی پەیمانگە
ث. ڕاگری پەیمانگە
ج. ئەنجوومەنی بەش یان لق لە پەیمانگە
ح. دەستی وانە گوتنەوە
خ. باڵەخانەی گونجاو و دەستەبەری دارایی و پێداویستیەکانی پرۆسەی خوێندن.

٢- ئەمانەی سەرەوە دابیندەکرێن بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی پەیمانگەکەو بەپێ ی مەرجەکانی دڵنیایی جۆری و ڕێککار( الضوابط) ی زانستی و کارگێری و دارایی لە ژێر دەسەڵاتی (ملکەچی ) هەڵسەنگاندنی وەزاروتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی دەبێت بەرەچاوکردنی ئەوەی پێشەنگی بۆ پەیمانگە پیشەیی و تەکنیکیەکان دەبێت و بە پێ ی پێویستی هەرێمی کوردستان – عێراق.

**دووەم/**

١- تەنها وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم مافی بەخشینی مۆڵەتی هەیە بە پەیمانگە .
٢- ئەم مۆڵەتە ساڵانە نوێ دەکرێتەوە لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی.
٣- لەکاتی پێشکەشکردنی پرۆپۆزەڵ بە مەبەستی کردنەوەی پەیمانگە دەبێت میرانەیەکی ( رسم) ی گونجاو بەبڕی گونجاو ( ١٢) دوانزدە ملیۆن دینار بدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی، ئەگەر ڕەزامەندی بدرێت یاخود نەدرێت لەسەر پرۆپۆزەڵەکە ئەم بڕە پارەیە ناگەڕێندرێنتەوە و دەخرێتە سەر سندووقی وەزارەت بەپێی ماددەی /شەشەم/ یەکەم ٢ لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨.

٤- ئەگەر پرۆپۆزەڵی کردنەوەی هەر پەیمانگەیەك پەسەندکرا لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ئەوا دەبێت بری (٥) پەنجا ملیۆن دینار بدرێتە وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی و دەخرێتە سەر سندوقی وەزارەت بەپێی ماددەی /شەشەم / یەکەم -٢ لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ی ساڵی ٢٠٠٨ .

٥- وەزارەت مافی وەرگرتنەوەی مۆڵەتی لە پەیمانگە هەیە ئەگەر پابەندی مەرج و رێککار ( الضوابط) ی بڕیار لەسەر دراوەکان نەبێت.

**سێیەم/** دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری لە وەزارەت ئەرکی هەڵسەنگاندنی ئەدای پەیمانگە تایبەتیەکان دەگرێتە ئەستۆی خۆی بەپێی یاسا و رێساو رێنماییە پەیرەوکراوەکان:

**چوارەم/**

١- کاروباری دارایی پەیمانگە ملکەچی رێککاریەکانی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٣) تایبەت بە زانکۆ تایبەتیەکان دەبن و ژمێرکاریەکانیشیان ووردبینی دارایی دەکرێن بە پێی یاسای پەیرەوەکان.
٢- پەیمانگە تایبەتیەکان پابەند دەبن بە دانی میرانە - الرسوم بە بڕی (٣%) داهاتی گشتی بە سندوقی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی بە پێی حوکمی ماددەی / شەشەم / یەکەم – ٢ لە یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠)ی ساڵی (٢٠٠٨) .

**پێنجەم/**

١- پەیمانگە تایبەتیەکان پابەند دەبن لە ئاست وەزارەت بە خستنە بەردەستی گشت ئەو پێداویستیانەی یارمەتیدەری وەزارەتن بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانی بە تایبەتیش ئەمانەی خوارەوە.
٢- پلانی وەرگرتنی ساڵانە بۆ پشت راستکردنەوەی.
٣- کرێ ی ساڵانەی خوێندن کە لە قوتابیان و خوێندکاران وەردەگیرێت.
٤- پرۆگرامەکانی خوێندن و گۆڕانکاریەکانی و بەدواداچوون و جێبەجێکردنیان و هەڵسەنگاندنیان.
٥- رێژە و پێوەرەکانی دەرچوون و دەرنەچوون کە هاوپێچی سیستمی تاقیکردنەوەکان دەبێت.

**شەشەم/** ئەو بڕوانامانەی پەیمانگە دەیانبەخشێت هاوتای ئەو بڕوانامانەن کە هاوشێوەیان لە پەیمانگە حکومییەکان دەیانبەخشن بە مەرجێك لە لایەن وەزارەتەوە پشت راستبکرێنەوە.

**حەوتەم/** وەزارەت هەڵدەستێت بە وەرگرتنی ئەو سکاڵایانەی دژ بە پەیمانگەی تایبەتیەکان پێشکەش دەکرێن کە پەیوەندیان بە وەرگرتن و تاقیکردنەوەکان و سزا رێککاریەکان کە بەسەر قوتابیان / خوێندکاران دەسەپێندرێن یان سڕینەوەیان لە تۆمار یان ڕەخنە گرتن لە بەخشینی نازناو و بروانامەی زانستی.

**هەشتەم/** حوکمەکانی یاسای ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٣)ی تایبەت بە زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێم و یاسای وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی ژمارە (١٠) ی ساڵی (٢٠٠٨) جێبەجێ دەکرێن سەبارەت بە هەر دۆخێك کە لەم رێنماییانەی برگەی تایبەتی نەبێت.

**نۆیەم/** ئەم رێنماییانەی لە ساڵی خوێندنی (٢٠١٥-٢٠١٦) پەیڕەو دەکرێن بڵاوکردنەوەیان لە رۆژنامەی ( وەقایعی کوردستان) وە تا هەموارکردنی یاسای (٢) ی ساڵی ٢٠١٣ تایبەت بە زانکۆ تایبەتیەکان لە هەرێم.

د.یوسف گۆران
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

<u>وێنەیەک بۆ:</u>

- نووسینگەی بەرێز جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەل رێزدا.
- وەزارەتی داد / رۆژنامەی وە قایعی کوردستان/ تکایە بۆ بڵاوکردنەوەی / لەگەڵ ریزدا.
- بەرێزان راوێژکاران (٢)/ بۆ زانین / لەگەڵ ریزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆ تایبەتەکانی هەرێمی کوردستان/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- ئەنجومەنی کوردستان بۆ پسپۆرییە پزیشکییەکان/ ل بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی /لەگەڵ رێزدا.
- دەستەی کوردستانی بۆ دراساتی ستراتیجی و توێژینەوەی زانستی/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- فەرمانگەی کارگێری و دارایی / بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی /لەگەڵ رێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت نووسینگەی ب.گ./ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- فەرمانگەی خوێندن و پلان دانان و بەدواداچوون/ ب.خوێندنی تایبەت/ بۆ زانین و کاری پێویست بە پێی پەیوەندی/ لەگەڵ رێزدا.
- بەڕێوبەرایەتی کاروباری یاسایی ، لەگەڵ بەرابیەکان .
- دەرکردە خولاو .